## شیکردنەوەی وشەکان :

**ردیف:** بریتییە لە سواربوونی پشتی وڵاخ لە پشت کەسێکەوە.

**حق الله على العباد:** مافی خوای گەورە لە بەندایەتی و ملکەچی و گوێڕایەڵیدا.

**حق العباد على الله:** ماف ڕێزلێنان و خۆشگوزەری بەندەیە ب سەر خوای گەورەوە، خۆی ئەمەی پێویست کردووە لە سەر خۆی بۆ ڕێزگرتن و چاکە کاری لە گەڵ بەندە یەکتا پەرست و دڵسۆزەکانی، چونکە هیچ بەندەیەك ماف نیە بە سەر خواوە پێویست بێت وەکو موعتەزیلەکان دەڵێن.

**أفلا أبشرالناس:** ئایا مژدەیان بدەمێ.

**یتكلوا:** پشت دەدەنەوە و سارد دەبنەوە .

## واتای فەرموودەکە بە کورتی:

پێغەمبەری خوا لەم فەرموودەیەدا دا ڕوونی ئەکاتەوە کەمەبەستی خوای گەورە لەدروست کردنی بەندەکانی ئەوەیە :بەتاك دانانی خوای گەورە لە پەرستن و بە دڵسۆزی و ئیخلاصی بۆ خوای گەورە،



چونکە ئەم حەقە گەورەیە تەنها بۆ خوای دروست کاری گەورەیە کە فەزڵ و نیعمەتی هەیە بە سەرمانەوە.

وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوونی کردووە کە چ پاداشت و مافێك هەیە بۆ بەندە یەکتاپەرست و ملکەچەکانی، کە ڕزگار کردنیانە ئەکات لە سزای ئاگری دۆزەخ شاد کردنیانبە بەهەشتە.

ئەمەش دڵخۆشکەرە بۆ باوەڕداران، بۆیە (معاذ) : وتی _ ڕوخسەت و مۆڵەت لە پێغەمبەر (ﷺ) وەردەگرێت (افلا ابشرالناس) ئایا دڵیان خۆش کەم و موژدەیان بدەمێ؟ بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی بە (معاذ) نەدا بۆ ئەو شتە لە بەر بەرژەوەندی و خۆشەویستی بۆ ئوممەتەکەی تاوەکو زیاتر کاری چاکە بکەن و بۆ ئەوەی لە خوای گەورە نزیك ببنەوە و پێشبڕکێ بکەن بۆی تاوەکو بەم هەوڵ وتێکۆشان وپێشبڕکێیە پلەی بەرز بەدەست بهێنن لای خوای گەورە، بە پێچەوانەوە، گەر سستی و تەمبەڵ بنوێنن لە کارەکەیاندا بە پشت بەستن بە ڕواڵەتی ئەم پەیمانەی، کە پێیاندرا ئەو کاتە خێر و چاکەیەکی زۆر و پاداشتێکی زۆریان لە کیس دەچێت.



## ئەو سوودانەی لەم فەرموودەیەدا وەردەگیرێت:

١ – حیکمەت و دانایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فێرکردندا ئەویش ئەوە بوو کە فێرکردنەکەی بە پرسیار دەست پێکرد تاکو لە دەرووندا زیاتر جێی بێتەوە و بچەسپێت و کاریگەری زیاتر بێت لە دەروونی فێرکاردا.

٢– بێ فیزی و خۆ بەکەم زانین و ڕەوشت جوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش ئەوەیە، کە سواری گوێ درێژ دەبێت و هاوڕێتی هاوەڵەکەی دەکات.

٣– گەورەترین فەرمانی خوای گەورە لە سەر بەندەکانی: ئەویش بە تاك دانانی خوای گەورە وبەتەنها زانینێتی لەپەرستندا.

٤– فەزڵی خوای گەورە بە سەر بەندەکانی بەجوانترین پاداشت لەبەر بەجێهێنانی ئەو فەرمانە.

٥–تێیدایە کە سوننەتە خۆش مژدەیی بۆ موسڵمانان.

٦– ترس لە پشت بەستن لەسەر فراوانی بەخشندەیی خوای گەورە، چونکە ئەم پشت بەستنە زۆر زەرەرمەندە بۆ نەزانەکان .

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم